# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەیـەک لـە فـارووق محەمـەد حەسـەن (فـارووق حەفیـد) (١) بـۆ ئـازاد عەبدولواحیـد**

نەمسا — ڤیێنا — ١٩٨٧/٧/١٥

برای بەڕێز و ڕووناکبیر کاک ئازاد

**قوربانی تۆزی نامەتم ئەی ئازادی پڕ هونەر**
**ئەی گەوهەری شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور**
**فارووق**

**پێشکەشە**

دوای ڕێز و سڵاو و هـەواڵ پرسینێکی گەرموگوڕ، هیـوام خۆشـی و سـەرکەوتنتە. سـڵاو و ڕێـزی بێپایانم هەیە بۆ خوشکی بەڕێزم، خوشکە بەیان و چاوی منداڵەکانتـان مـاچ دەکـەم. هیـوادارم لـەو خاکە پیرۆزەماندا منداڵەکانت پـەروەردە ببن و ببنە قەلەنـدەر (دەروێش+ خاکی) و کەڵـک و سوودیان هەبێت بۆ دواڕۆژی گەشـی وڵات و فێربـوون.

گەلێـک سوپاسـت دەکـەم بـەو دەنگوباسـە شـادییەی لـە بـارەی براکەمـەوە (٢) بـۆت نووسـیبووم. یـەزدان ئاگادارتـان بـێ، هەمـوو کاتێـک بـە دوور بـن لـە هەمـوو ناخۆشـی و تەنگوچەڵەمەی (ـەیەکی) ژیـان. ئومێـد دەخـوازم ڕۆژێـک بێـت هـەردوو لامـان بـە دیـداری یەکتـری شـاد و شـوکور ببینـەوە (٣).


چاوەکـەم، لەبـەر ئـەوەی منداڵەکانـم زمانـی ئەڵمانییـان تـەواو کـرد و دەرچـوون بـۆ پۆلـی سێهەمی ناوەنـدی و منیـش کاروبـاری کالیفۆرنیاکـەم ئـەم سـاڵ دواکـەوت، (و) هەرچەنـدە لێکم دەدایـەوە ئەبوایـە سـاڵێکیش لـە کالیفۆرنیـا زمانـی ئینگلیـزی بخوێنیـن و ئـەوە دەبێت بە دوو سـاڵ و منداڵەکانم لە خوێنـدن دوادەکەوتـن و منیـش خـۆم کـرد بـە کۆچی قوربانـی خوێندنـی کچەکانـم (٤) و کالیفۆرنیاکـەم واز لـێ هێنـا و نەچـووم، بـەڵام خوێنـدن خـۆت دەزانـی لـە هـەر وڵاتێـک بێـت، هـەر خوێندنـە، بـەڵام تاکـوو ئێسـتا مـن و ئەختـەر (٥) کۆرسـی زمانـی ئەڵمانیمـان نەخوێنـدووە و ئومێد ئەکـەم ئـەم سـاڵ دەسـت پـێ بکەیـن بـە زمـان، (و) پاشـان ئەگـەر کاتمـان هەبـوو دەخوێنـم و کۆتایـی پـێ دێنـم، ئێسـتا هەوڵـی ئـەوە دەدەم ئـەو کۆکراوانـەی لـەلای خۆمـان زوو خەریکـی (ان) بووبـووم دەسـت بکـەم بـە چـاپ کردنیـان، ئەگـەر دەرفەتێکم بـۆ ڕێ (ک) کـەوت، چونکـە چاپکـردن زۆر گرانـە لێـرە.

زۆر ڕێزم بۆ مامۆستا شاکر فەتاح (٦) هەیە و لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف (٧) و کاک حەمەمین پێنجوێنی (٨). من هەموو کاتێک تۆم لە یاد ناچێتەوە، چونکە مرۆڤێکی خووڕەوشت بەرز و جوان مێر و ڕووناکبیر و دڵسۆز بوویت، شایانی باس کردنی، هیوادارم بە (هەموو ئاوات و مرادێکت بگەیت. دەستنووسی نالی (٩) لەگەڵ خۆمدا هێناومەو وا لەلامە، بەڵام بۆ سەرچاوەی نالی لای پرۆفیسۆرەکەم هیچ ئاگاداری نیم و نازانم (١٠).

ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ فەرمانبەرانی مۆزەخانە (١١) و ڕۆشنبیری (ی) جەماوەر (١٢)، هیوام خۆشی و سەربەرزیتانە.

**ئیمزا**

**ڤینا – برات – فاروق**



**پەراوێزەکان:**

(١) فارووق محەمەد حەسەن، کە لە شاری سلێمانیدا بە فارووق حەفید ناسرابوو، کەسێکی بەناوودەنگی ناو بنەماڵەی کوردپەروەر و خانەدانی حەفید بوو، لە ساڵی ١٩٤٣/٧/١ لە سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و سانەوی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن چووبووە دەرەوەی وڵات و ساڵانێک لە وڵاتی هەنگاریا بە نیازی خوێندن لەوێ مابووەوە، زیاتریش حەزی دەکرد باوەڕنامە لە بواری فۆلکلۆر و کەلەپووری کورد بە دەست بهێنێ، کە گەڕایەوە سلێمانیش هەر خەریکی بایەخدان بە کەلەپوور و فۆلکلۆر بوو، بەداخەوە لە وڵاتی سوید ڕۆژی ٣/ ١٢/ ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش بە خاک سپێردراوە، تا ئێستا (٣) کتێبی چاپکراوی هەیە، دانەیەکیان بە دوو بەرگ بە ناوی (هەڵبژاردە لە شیعری فۆلکلۆری کوردی)، ئەوی دیکەشی لە بارەی مووزەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆری نووسیوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی د. تاریق ئامێدی بوو، وەک بیرۆکەیەک یاداشتی دامەزراندنی مووزەیەکی ئیتنۆگرافی پێ دابوو، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر ئەو پێشنیارە و تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ جێبەجێکردنی، کە لە (ئەسحابە سپی)یەوە بەرەوە سەرکارێز و گردی سەیوان دەڕۆی، ڕێککەوتی فولکەی نالی دەکەی، کە بەلای ڕاستی لە شەقامەکەوە پێچ دەکەیتەوە و دەچیتە ژوورەوە، مووزەکە بەرانبەر گەڕەکی دەرگەزێن بوو، یەکەم هەنگاوی زانکۆ، کڕینی خانووە کەلەپوورییەکەی حاجی فەقێ شاڵی (باوکی پارێزەر جەمال شاڵی) بوو کە بە (٣٠) هەزار دیناری سویسری دەیکڕن و تەرخانی دەکەن بۆ مووزەیەکی تایبەت بە کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی، کە بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابێ. ئەو خانووە کە ساڵی (١٩٠١) لەلایەن (حاجی فەقێ شاڵی)یەوە لەسەر

ڕووبەری ١٠٠٠م دروست کرابوو، پێش ئەوەی بکرێتە مووزەیەکی فۆلکلۆری، زۆر جار خۆیان دەستکارییان کردبوو، ئەو خانەوادەیە پێشتر (٣) جار لە ساڵانی (١٩٢١) و (١٩٣٦) و (١٩٦١) بیناکەیان نۆژەن کردووەتەوە، بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥ کە زانکۆی سلێمانی بیناکەی کڕی، بۆ سەرپەرشتی کردن لیژنەیەکیان بۆ دانا، جارێکی دی دەستکاری کرایەوە، ئەم جارە ڕووبەڕووی کەسانی شارەزا و دەستڕەنگین و هونەرمەندیان کردووەتەوە کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەو مەبەستە بەلانی کەمەوە (٢) ساڵ کاری تێدا کراوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٧ بە فەرمی کراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٨١ سەر بە زانکۆی سلێمانی بووە.

گوتمان ئەم بینایە کەلەپوورییە دەچێتە ناو بابەتی (بینا کەلەپوورییەکان — الأبنیة التراثیة)، دیوارەکانی وەک هەر خانوویەکی کۆنی کوردەواری ئەستوورن، کە پانی ئەو دیوارانە لە (١) مەتر کەمتر نین، زۆر جار بۆ دروستکردنی تاق لەناو ئەو دیوارە ئەستوورانە کەڵکی لێ وەرگیراوە. ڕووکاری بیناکە دەستکاری کراوە و بەخشتی سوور ڕووپۆش کراوە. جامخانەکانی نهۆمی دووەمی بیناکە بە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ (عرووسی) نەخشێنراون، ئەو جۆرە شووشە ڕەنگاوڕەنگانە لە خانووە کۆنەکانی بەغدا و بەسرە زۆرن، کە ئەوان پێی دەڵێن (شناشیل).

کە لە دەرگای سەرەکی مووزەکەوە قاچ دەخەیتە دیوی ناوەوەی بیناکەوە، بە چەند پلیکانەیەک دێیتە خوارێ و دەکەویتە حەوشەکەیەوە، لە چوونە ژوورەوە، قەراخی بەشەکانی حەوشەکە دەبینی باخچەیە و هەمووی بە گوڵ و گوڵزار ڕازاوەتەوە و ئەوی دیکەی بە چیمەن داپۆشراوە. لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا، حەوزە و فوارەیەک دەبینرێ کە کاتی خۆی بە پێشنیاری من دروست کرا و هەوڵی زۆرم دا تا بۆ دروستکردنی پارەی بۆ تەرخان بکرێ. ئەم بینا کەلەپوورییە، وەک هەر بینایەکی کۆن، سەربانەکەی گڵ بوو، لە ساڵی ١٩٨٢ کە چوومە ئەم مووزەیە، ئاگادار بووم ساڵانە (٩٠) دیناریان بۆ بانگوشگێڕێک خەرج دەکرد، بۆ ئەوەی سەربانە گەورە و فراوانەکەی بگێڕێ، بە داخەوە لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە، لە پڕ ماوەی چەند ساڵێک ئەو بڕە پارەیەی پێویست بوو بدرێتە بانگوشگێڕەکە وەستاندیان، من گومانم لەوە هەبوو کە بە ئەنقەست ئەو پارەیە ڕاگیرابێ، تا بە تەواوی بتەپێ، چونکە بێجگە لەوە، ساڵانە دەبوو بۆ کڕینی دەرمانی مۆرانە و زیندەوەر (حشرات) و قرتێنەرەکان، یان بۆ پاراستنی جلوبەرگ و بەڕە و جاجم و مافوور و لاکێش و خورجی و پۆپەیشمین و دەسرازە و دووتا و ئەو کەلوپەلانەی بە دەزوو و لۆکە و خوری دروست کرابوون، بۆ مووزە سەرف نەدەکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی من (٢) ساڵ لە دەستەی گشتی کشتوکاڵ و ئاودێریی سلێمانی فەرمانبەر بووم، زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەرەکانی لقەکانی کشتوکاڵی بەکرەجۆ و سەرچنار و شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی-م دەناسی، بۆیە ساڵانە بە نووسراوی فەرمی کە خۆم بۆیانم دەبرد، هاوکارییان دەکردین و کرێکاری تایبەتیان بۆ دەناردین تا بە ئامێری تایبەتی دەرمان پرژێن (رش) بکرێ و دژە زیندەوەر و مۆرانە و قرتێنەریان بەکار دەهێنا، دەبووایە کارمەندەکان کە لە ناو کەلوپەلەکان دادەنیشتن، ماوەی (٤٨) سەعات دەرگای مووزەکە دابخەین، نەوەک زیان بە تەندروستییان بگەیەنێ، لەگەڵ ئەو هەموو خۆپارێزییەش، من لەوێ تووشی حەساسیەت هاتم، بۆیە دواتر ژوورێکی (٤ بە ٥) مان بۆ سەرپەرشتی کاروباری کارگێڕی لەوبەر بیناکەوە دروست کرد، کە شێخ فارووق حەفید و عەبدولڕەقیب یووسف و عوسمان حەمەجاف و خۆم و ماوەیەکیش هونەرمەندی شێوەکار بێستوون عەبدولقادر (برازای حاجی مەکی عەبدوڵڵا) و شەوبۆ عەبدوڵڵای خێزانی لە مووزە لەگەڵمان بوون.

موزەکە ناوی (مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆری) بوو، وشەی ئیتنۆگراف، بە زمانی عەرەبی بە واتای (طبائع الشعوب)، گەلناسی، مرۆڤناسی، کۆمەڵناسیی دەگەیەنێ، یان چاودێریکردنی داوونەریتی گەلان دێ، زۆر جۆرە ئیتنۆگرافیاش هەیە. موزەکە ئەو کەلوپەل و کەرستانەی لە خۆی گرتبوو کە لە ماوەی (٢٠٠) ساڵی ڕابوردوودا، باوک و باپیران و دایک و داپیرانمان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بەکاریان هێنابوون، بە تایبەتی ئەو کەلوپەلانەی لە پیشە میللییەکانی جاران وەک: (جۆلایی)، (مسگەری)، (زیوسازی)، (کشتوکاڵ)، (دارتاشی)، (ئاسنگەری)، (ناڵبەندی) و (موتابچێتی) و ئامێری دروستکردنی پێڵاوی ژنان و پیاوان و منداڵان.. و تاد بەکار دەهاتن.

مووزەی ئیتنۆگرافی — فۆلکلۆری لە هەشت بەش (ژووری گەورە) و دوو هۆڵی گەورە پێکهاتبوو، هۆڵێک لە خوارێ و دانەیەک لە سەرێ، خوارەوە و سەرەوە چەندان کەرستەی کەلەپووری و فۆلکلۆری گرنگی تێدا پارێزرابوون، کە لە کۆنەوە لە کوردەواری بەکارهاتوون و ڕەسەنایەتی ئەو میللەتە دەسەلمێنن، هەروەها نیشانەی دەسڕەنگینیی وەستا و نەوەکانی ڕابوردوومانن، لەناو ئەوانەدا لە هۆڵەکەی خوارێ کوپەی زۆر گەورە هەبوو کە وەک گۆڕ بۆ مردووەکان بەکارهاتوون، ئەو کوپە- گۆڕانە کە تەمەنیان زیاتر لە هەزار ساڵ بوو، مردووەکان و کەلوپەلە بە نرخ و گرانبەها و خۆشەویستەکانیان لەگەڵ ناشتوون، باوەڕیان وابوو کە لە ڕۆژی قیامەت زیندوو بوونەوە، جارێکی دی ئەو کەلوپەلە خۆشەویست و بەنرخانە بەکار دەهێننەوە، لەوانەش متومووروو و پارەی کۆن (مسکوکات) و خشڵ و زێڕ، بەپێی بیروباوەڕی زەردەشتییەکانیش، باوەڕیان وا بووە کە خاک پیرۆزە و پێویستە مردووەکان لەناو ئەو کوپانە دابنێن و بخرێنە ژێر خاکەوە.

بێجگە لە دیزە و گۆزە و دەرخۆنە، قەوان و گرامافۆن و کەلوپەلی مسگەری و دارتاشی تێدا پارێزرا بوون، کە هەموو ئەو کەلوپەلانە کاری دەستی بوون و بە نەخشونیگاری دەستکردی جوان و نایاب ڕازابوونەوە بە دەستی وەستای کارامە و لێهاتوو دروست کرابوون، لەناو ئەوانە جێ نوێنێکی پڕ لە نەخشونیگاری ورد و هونەری هەبوو کە لە داری گوێز دروست کرابوو، هەروەها چەند دانە سندووقێکی هەڵچنینی نوێن، کە بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگیش بەکار دەهات و بە نیگاری خۆڕسکی دەستی وەستای کورد دروست کرابوون کە پێیان دەگوت سندووقی بۆراق (دۆڵدوڵی). هەندێ کەلوپەلی جوانیش لە دەرەوەی کوردستانەوە هاوردە کرابوون وەکوو قەوان، سەرەتا کە هێنابوویان، وایان زانیبوو جنۆکەی تێدایە وا دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە، یان سەماوەر و سندووقی هەشتەرخان کە لە ڕووسیاوە هێنرابوون، ئەو سندووقی هەشتەرخانە، لە شاری (ئوستراخان)ی ڕووسیا، زۆر بە جوانی و پڕ نەخش دروست کرابوون، کاتی خۆی کەلوپەلی جیازی بووکیان تێ دەکرد، لە کاتی گواستنەوەی بووک لەگەڵ خۆی دەیبردە ماڵە نوێیەکەی.

ئەم مووزەیە ماوەی چەند ساڵێک چەند کەسێک کاریان تێدا کردبوو، لەسەرووی هەموویانەوە هونەرمەندی شێوەکاری دەستڕەنگین کامیل ئەحمەد مەعرووف کە ژوورێکی گەورەی وەک نموونەی دیوەخانی کوردەواری بە تاق و چلچرا و نەخشونیگاری زۆر جوان دروست کردبوو، هەر لەو ژوورەدا هەموو ئەو زیوانەی ئافرەتانی کوردەواری بەکاریان هێنابوون، لەناو جامخانەی تایبەتی نمایش کرابوون، کە بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوون، لەگەڵ کارە جوانەکانی ئەو هونەرمەندە، کەسانی دیکەی وەک (قادر کوردی، د. شوکریە ڕەسووڵ، سمکۆ عەزیز، ئەنوەر قەرەداغی) بە بیرۆکەکانیان و شێوەی دانانی جلوبەرگ و کەلوپەلەکان، لە دروستکردن و سەرپێ خستنی ئەو مووزەیە، هەریەکەیان زۆر و

کەم بەشدارییان لە ڕازاندنەوەیدا کردووە، تا سیما و مۆرکێکی کەلەپووری پێ بدەن و کەلوپەلی ئەو ٢٠٠ ساڵە، بە پۆلێنکراوی لە ژوورەکانی مووزەکەدا دابەش بکەن و دابنێن.

ساڵی ١٩٨١ کە زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە هەولێر و ناوەکەی بووە زانکۆی سەلاحەددین، سەرەتا ویستیان وەک کتێبخانەی گشتی بیخەنە سەر ئیدارەی محەلی سلێمانی، دوایی بڕیار درا بدرێتە ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان و بە (بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی جەماوەر)ی ببەستەوە. ئەم مووزەیە لە ساڵی ٢٠١٢ ناوەکەی لە (مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی – فۆلکلۆری)یەوە بۆ مۆزەخانەی کەلەپووریی کورد گۆڕاوە. کاتی خۆی لەسەر ناوی (مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی – فۆلکلۆری)، لەگەڵ حیکمەت حاجی سەلیم، ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان، کە بە عەرەبی قسەی دەکرد، وەک بەعسییەکی بێ سەواد تووشی قڕە و دەمەقاڵەیەکی توند بووم، چونکە ئەو کاتە بڕیارێک لەلایەن ئەنجوومەنی سەردایەتیی شۆڕش – مجلس قیادة الثورة) دەرچووبوو و گشتاندبوویان، بە مەبەستی ئەوەی ناو و تابلۆی بیانی لە هەموو شوێنێک قەدەغە بکرێ، منیش کە لەوێ بووم ناوەکەیم دەستکاری نەکرد و نەمگۆڕی، بۆیە پێی گوتم تۆ دژی بڕیاری حزب و شۆڕش وەستاویتەوە، کە ئەمە تومەتێکی زۆر گەورە بوو ڕووبەڕووی منی کردەوە.

لە ساڵی ٢٠١٥وە مووزەی ئیتنۆگرافی بەهۆی داخوران و ئەو قورساییەی کەوتووەتە سەر دیوارەکانی داخراوە، ئەوەش بەهۆی ئەو هەڵەیەی لە کاتی خۆیدا ڕووی دا، کاتێک چوون سەربانە گڵەکەیان کۆنکرێت کرد، بۆیە لەوساکەوە هاووڵاتیان ناتوانن وەکوو جاران سەردانی بکەن، هەر بەهۆی بارانی زۆری ساڵانی هەشتاکانەوە، پاشان بەهۆی کۆنکرێتکردنی سەربانە گڵەکەی، دیواری دیوی دەرەوەی کە دەیڕوانییە سەر شەقامەکە سکی دادا و ئاوسا، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو ڕووخا، پێش ڕووخانی دیوارەکە زۆرم هەوڵ دا چارەسەر بکرێ و سەرلەنوێ بە خشتی سوور بینا بکرێتەوە تا مۆرکە کەلەپوورییەکەی لە دەست نەدا، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتم، چەندان جار نووسراومان بۆ سەرووی خۆمان (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر) لە سلێمانی و لە ڕێگەی ئەوێشەوە بۆ (ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان) نووسی، دیسان سوودی نەبوو، بۆ ئەم مەبەستە خۆم دەچووم بۆ لایان و هەڵم دەپێچان چاری بکەن، بێ سوود بوو، تا کار بەوە گەیشت بە زمانی عەرەبی وتارێکم لە ڕۆژنامەی (العراق) بەناوی (انقذوا المتحف الفولكلوري من الأنهيار) بڵاو کردەوە، پاش ئەوەی وتارەکە بڵاوکرایەوە، حیکمەت حاجی سەلیم ئەوەندەی دی لە من دەهری بوو، زۆر تووڕە بوو لەوەی چۆن دەبێ وتاری وا بنووسم و بڵاو بکەمەوە، هەر ئەوکاتەش تەلەفۆنی بۆ ڕۆژنامەی (العراق) و بۆ عەبدولوەهاب تاڵەبانی بەرپرسی لاپەڕەکە کردبوو، خۆی لەوانیش تووڕە کردبوو، بەڵام دوایی کە وتارەکە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو، وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی هێنایە سەر خەت و پێوەندییان بە ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان و ئەمیندارەکەی کردبوو کە زوو بچن فریای مووزەکە بکەون، ئەوەبوو لە هەولێرەوە بەڵێندەرێک کە عایدی خۆیان بوو، بەناوی عەبدولڕەحمان ئەبوو عەوف – یان نارد، کە هاتە لام چەندی تکام لێ کرد بەخشتی سوور دیوارە ڕووخاوەکە چاک بکەنەوە، ئەو هەوڵەشم سوودی نەبوو، چونکە دەیگوت پارەیەکی زۆر کەمیان بۆ دروستکردنەوەی دیوارەکە تەرخان کردووە، بۆیە بە بلۆک و دواتر بە لەبخ کۆتاییان بە کارەکە هێنا، کە ئەو کارەم بەو شێوەیە زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە سیمای بیناکەی تێک دا.

سالّی ١٩٨٣ چاپخانەکەی پیرەمێردمان گوێزایەوە مووزە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی من و شێخ فارووق حەفید، ڕەزامەندیمان لە (فایەق هوشیار و ئەحمەد زرنگ) وەرگرت، کە کوڕانی (ڕەحمەخان)ی کچەزای پیرەمێردن، نامەی دەستوخەتی فایەق هوشیارم لەلایە کە بۆمانی نووسیوە و دەڵێ ئێستا چاپخانەکە لە دەستێکی ئەمیندایە. ئەو چاپخانەیە لە کاتی خۆیدا پیرەمێرد لە پاش ڕەهنکردنی خانووەکەی، لە سالّی ١٩٣٦ چووەتە شاری بەغدا و لە پیاوێکی جووی کڕیوە و هێناویەتییەوە سلێمانی، سەعید ناکام، ئەحمەد شوکری، محەمەدئەمین ڕەباتی، ئەحمەد ژین، عەلی ژین و کەسانی دی لەسەر ئەم ئامێرە کاریان کردووە.

ماوەی (١٤) ساڵ لەو مووزەیەدا فەرمانبەر بووم، زۆر بیرۆکەی نوێ و دەستپێشخەریم هێنایە پێشەوە، دوای هاتوچۆیەکی زۆری نێوان هەولێر و سلێمانی، بۆ دروستکردنی ژوورەکەی پیرەمێرد، ڕەزامەندیم وەرگرت، نووسراومان بۆ ئیدارەی محەلی سلێمانی کرد تا ئەندازیارێک بنێرن و سەروکاری دروستکردنی ژوورەکەمان بۆ بکات، بڕیار بوو سیدارەکەی پیرەمێرد، لەگەڵ سەعات و تەختی دانیشتنە دارەکەی و زۆر کەلوپەلی دیکەی بە هاوکاری (فایەق هوشیار)ی کچەزای بهێنینە ئەوێ و بیکەینە مووزەیەکی بچکۆلانەی تایبەت بە پیرەمێرد، داخەکەم ئەو بیرۆکەیەم هەروەک خۆی مایەوە، تا سالّی ١٩٩٤ی بەسەرداهات، ئیتر بەدەر لە ویست و خواستی خۆم، سلێمانی و مووزەم بەجێهێشت و بەرەو هەولێر هاتم، ئەوەتا تا ئێستا لێرە گیرسامەتەوە.

لەو سالآنەی من لەوێ فەرمانبەر بووم، نووسراومان بۆ بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی دەکرد تا لە ڕێگەی گشتاندنەوە، هەر جارەی دوو پۆل لە قوتابخانەکانی سلێمانی، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، خانەی مامۆستایان بێنە سەردانی مووزەکەمان، چونکە لە سالآنی هەشتاکاندا شالآوی ڕاگوێزانی گوند و دێهاتەکانی کوردستان لە لووتکەدا بوو، ڕووخان و تەختکردنی ئەو گوندانە لەولا بوەستێ، بەهۆی هاتنی شالآوی تەکنۆلۆژیاش، کەلوپەلی کەلەپووری و فۆلکلۆری ڕووی لە نەمان و کەمبوونەوە کردبوو، من کە وەک ڕێنماییکارێک، چاوساغیم بۆ قوتابییەکان دەکرد و قسەم لە بارەی کەلوپەلەکانەوە بۆ دەکردن و زانیاری و ڕوونکردنەوەم پێ دەدان، پتر مەبەستم بوو بەرچاوڕوونی و هۆشیارییەکیان بدەمێ تا نرخی ئەو کەلوپەلانە بزانن و بیانپارێزن و لە فەوتان ڕزگاریان بکەن، ئەگەر بۆشیان کرا بیانهێننە مووزەوە، تا بەناوی خۆیانەوە لەلامان تۆماریان بکەین و بیانپارێزین، زۆر بەداخەوە لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین، مووزەکە تالآن کرا و زۆر کەلوپەلی گرانبەهایان برد.

(٢) کە نووسیویەتی: (بەو دەنگوباسە شادییەی لە بارەی براکەمەوە بۆت نووسیوم)، مەبەست لێی شێخ سالار حەفیدی برایەتی، کە شێخ سالار شێخ محەمەد حاجی سەیید حەسەنی شێخ محەمەد (کە شێخە بچکۆلی کوڕی حەزرەتی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێ)یە، لە ١٩٤٦/٧/١، لە گەڕەکی کانی ئاسکان (کانێسکان)ی سلێمانی، لەو خانەوادە گەورە و بەڕێزە لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و سانەوی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی یاسا و ئابووری لە زانکۆی بەسرە، لە سالآنی ١٩٦٦ تا ١٩٧٠ خوێندووە. سالّی ١٩٧٤ — ١٩٧٥ بەشدارییەکی بەرچاوی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە و وەک دادوەرێک لە ناوچەی پێنجوێن کاری کردووە. سالّی ١٩٩٤ ئەنجوومەنی ویلایەتی مووسڵ بڕیاری دا بیکاتە نوێنەری خۆی لە سلێمانی. سالّی ٢٠١٨ بڕوانامەی دوکتۆرای لە زانکۆیەکی بەریتانیا

بەدەستهێناوە. پیاوێکی چاکەکار و خێرخواز بوو، ڕۆژانە لە هەموو چین و توێژەکان خەڵکی ڕوویان تێ دەکرد و ئەوەندەی لە توانایيدا بووە کێشە و گرفتەکانی بۆ چارەسەر کردوون. ساڵی ٢٠٠٣ بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی عەشایری عێراق. ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دامەزراندنی یەکەمین حکوومەتی کوردی لەلایەن شێخ مەحموودی حەفید، مەلیکی کوردستان، میهرەجانێکی گەورەی ڕێکخستووە. ساڵی ٢٠٠٩ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی میرەکانی عێراق. کەسایەتییەکی دیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی جوان و پاکی هەبوو، لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە ڕوویان تێکرد، زۆر خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتەکەی کردووە، دۆستایەتی بەهێزی لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی کورد هەبوو. بە دەیان و سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی چارەسەر کردووە، پشتوپەنای هەژاران و نەداران بوو، هاوکاری دەکردن و لە داوودەزگاکانی حکوومەت ئیشوکارەکانیانی بۆ ڕایی دەکردن. لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٧، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تورکیا کۆچی دوایی کرد، لەلای باپیری لە مەرقەدی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بە خاک سپێردرا، لە پاش کۆچی دوایی کۆمەڵێک بەرهەمی بە زمانی عەرەبی بە چاپکراوی بۆ بەجێهێشتین. (هەندێک زانیاریم سەبارەت بە شێخ سالار حەفید، لە بابان حاجی حەسەن وەرگرتووە).

(٣) نووسیویەتی: (ئومێد دەخوازم ڕۆژێک بێت هەردوو لامان بە دیداری یەکتر شاد و شوکور ببینەوە)، شێخ فارووق حەفید کە لە ساڵی ١٩٨٦ چووە دەرەوە، سەرەتا لە ڤییەنا و دواتر لە وڵاتی سوید گیرسایەوە، دوای ئەوەی ناوونیشانەکەیم لە شێخ سالار حەفیدی برای وەرگرت و نامەیەکم بە پۆست بۆ نارد، ئەویش لە وەڵامی ئەو نامەیەمدا، بەو نامەیە وەڵامی دامەوە، ئیدی تا دوای ڕاپەڕین نەمبینییەوە، کە بە سەردان هاتەوە، لەگەڵ یەکەم هاتنەوەی لە مووزە سەردانی کردم، کامێرایەکی پێ بوو، بەو کامێرایە وێنەیەکی گرتم، نەمزانی هەر بەو کامێرایە وێنەیەکی دووقۆڵی بگرین، کە جارێکی دیکە بەسەردان هاتەوە سلێمانی، کتێبێکی چاپکراوی خۆی بۆ هێنام کە لە بارەی مووزەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری نووسیبووی، کە سەیرم کرد، بینیم وێنەکەی منی لەوێ بڵاو کردووەتەوە، کە هاتیشم بۆ هەولێر، جارێک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بۆ سەردانی فەلەکەددین کاکەیی هاتبوو، بەڕێکەوت لەوێ بینیم، جارێکی دی لە نزیکی چایخانەی قەرزاران بینیم کە لەلای دوکانی توحەفیات و کەلوپەلی دەگمەنی فۆلکلۆر وەستا بوو، ئەوەبوو پێکەوە چووینە ئەو دوکانە، بەدوای پارەی دەگمەن و کۆندا دەگەڕا کە بە (مسکوکات) دەناسرێ و لەم ڕووەوە شارەزایی باشی بەدەستهێنابوو، هەندێکیان کە زۆر دەگمەن و دانسقە بوون (نادر و نفیس)، پارەی باشی دەکرد و لێیانی دەفرۆشتەوە.

(٤) نووسیویەتی: (منیش خۆم کرد بە کۆچی قوربانی خوێندنی کچەکانم)، شێخ فارووق حەفید تەنیا (٣) کچی هەبوو، کوڕی نەبوو، بۆیە دەڵێ بوومە قۆچی قوربانی کچەکانم، چونکە وەک ئاگادارم لەمێژ بوو بەتەما بوو بۆ خوێندن بچێتە کالیفۆرنیا.

(٥) نووسیویەتی: (تاکوو ئێستا من و ئەختەر کۆرسی زمانی ئەڵمانیمان نەخوێندووە)، ئەختەر، مەبەستی لە هاوسەرەکەیەتی، کە ناوی تەواوی (ئەختەر سەیید عەبدوڵڵای حەفید)ە، کە ئامۆزای خۆیەتی، لەگەڵ (پەروین سەیید عەبدوڵڵا حەفید) خوشکن، کە هاوسەری شێخ سالار حەفیدی برایەتی، ئەگەرچی شێخ فارووق حەفید تەمەنی (٣) ساڵ لە شێخ سالار حەفیدی برای گەورەتر بوو، بەڵام ئەختەر خان کە کچی بچووکی مامیەتی، ئەوەیانی هێناوە و بەنسیب بووە.

(٦) شـاکر فەتـاح: نووسـەر و وەرگێـڕ و ڕۆژنامەنـووس شـاکر فەتـاح ئەحمـەد، سـاڵی ١٩١٤ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە سلێمانی خوێنـدووە، پاشـان لـە بەغدا کۆلێـژی (مـاف)ی تـەواو کـردووە. لـە ژیانیـدا زۆر ئـەرک و وەزیفـەی دیـوە لەوانـە: بەڕێوەبـەری ناحیـە، سـەرۆکی شـارەوانی سـلێمانی، قایمقـام، یاریـدەدەری موتەسـەڕیف، جێگـری ئەنجوومەنـی یاسـادانان. خاوەنـی پـڕۆژەی (١٠٠) کتێبـی کوردییـە کە بەشـێکی زۆری لـەو (١٠٠) کتێـب و نامیلکەیـەی خـۆی چـاپ کرد، لەبـەر هەڵوێسـتی کوردانـە و ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕژێمـی بەعـس لـە سـیمینارێکی شـاری هەولێـر، کـە گەڕایـەوە سـلێمانی گرتیـان و دواتـر لـە ٢٧ی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٨٨ لـە سـێدارە درا.

(٧) عەبدولڕەقیـب یووسـف: خەمخـۆری شـوێنەوار و مێـژوو و کەلەپـوور و بەڵگەنامـە و تۆمارکردنـی دەنگـی پیرەمێـرد و پیرەژنەکانـە، کـە هەمـوو ژیـان و تەمەنـی خـۆی بـۆ خزمەتـی کوردسـتان تەرخـان کـردووە، پتـر لـە (٦٥) سـاڵە خەریکـی پاراسـتنی ناسنامەی ئـەو میللەتەیـە و بـە تاقـی تەنیـا بارتەقـای دەزگایـەک کاری کـردووە. سـاڵی ١٩٤٣ لـە زاخـۆ لـە دایکبـووە، دەرچـووی (دارالمعلمیـن الریفیة)یـە، چەنـد سـاڵێک لـە بەعقوبـە ژیـاوە، لـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی حەفتـا بـەدواوە (١٩٧٧) چووەتـە شـاری سلێمانی و لـەوێ نیشـتەجێ بووە. ژمارەیـەک کتێبـی گرنگـی لـە بـواری مێـژوو و شـوێنەوار و یاداشـتنامەی بەسـاڵاچووەکان و دەستنووسـی شـاعیران بـە چـاپ گەیانـدووە. لـە ئینتەرنێـت سـایتێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، نـەک هـەر لـە کوردسـتان، بـاوەڕ ناکـەم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و جیهـان، نووسـەرێک هەبـێ سـایتی وا هەمەچەشـن و دەوڵەمەنـدی هەبـێ، کـە بابەتـە جۆراوجۆرەکانـی لـەو سـایتەدا (٥٠٠) کتێبـی چاپکـراوی (٥٠٠) لاپەڕەیـی دەبـن. لـە هەشـتاکاندا سـاڵانێک لـە مـووزە پێکـەوە فەرمانبـەر بوویـن.

(٨) حەمەمیـن پێنجوێنـی: لـە ژمـارە (٣٤١)ی گۆڤـاری ڕامـان، لـە بـارەی ژیـان و بەرهەمەکانیـم نووسـیوە.

(٩) نووسـیویەتی: (دەستنووسـی نالـی لەگـەڵ خۆمدا هێناومـە وا لەلامـە)، ئـەو دەستنووسـەی نالی کـە باسـی دەکا، لـە کاتـی خۆیـدا هێنایـە مـووزەی ئیتنۆگرافـی و نیشـانی دام، دەستنووسـێکی گرنگـی شیعرەکانی نالی بـوو، پێـی گوتـم لـە هەنـدەران، لـە کاتـی خوێندنـدا مامۆسـتاکەم بـە دیـاری دایـە مـن، لەبیرمـە لـە نامەکـەی بـۆم نـارد بوو، چارەنووسـی ئەو دەستنووسـەم لـێ پرسـیبوو، ئەویش دڵنیـام دەکاتەوە کـە دەستنووسـەکەی لەلایـە و نەفەوتـاوە، هیـوادارم منداڵەکانـی، یـان کەسـوکاری ئـەو دەستنووسـە گرنگـە بەباشـی بپارێـزن و نەهێڵـن بفەوتـێ، لەوانەیـە لـە سـاغکردنەوەی شـیعرەکانی (نالـی)دا سـوودی زۆری لـێ وەربگیـرێ.

(١٠) نووسـیویەتی: (بـۆ سـەرچاوەی نالـی لای پرۆفیسـۆرەکەم هیـچ ئـاگاداری نیـم و نازانـم)، مـن لـە نامەکەمـدا بـۆم نووسـیبوو لـە مامۆسـتاکەی (کـە پێشـتر دەستنووسـەکەی نالـی پـێ دابـوو) بپرسـێ و بزانـێ دەستنووسـی دیکـە و سـەرچاوەی دیکـەی، وەک ئـەوەی نالـی لـەلا هەیـە؟

(١١) نووسـیویەتی: (سـڵاوم هەیە بـۆ فەرمانبەرانی مۆزەخانـە)، کـە مەبەسـت لـەو فەرمانبەرانەیـە کـە ئەوکاتـە لـە مووزەکەمانـدا بـوون: عەبدولڕەقیـب یووسـف، عوسـمان حەمەجـاف، بەیـان عەبدولـڕەزاق، سـروە ئیبراهیـم، شـیرین محەمـەد عـارف، شـوکریە مستەفا (هاوسـەری ڕەوف بێگـەرد)، مەهابـاد عەزیـز، دڵخـۆش عـارف، سـەبیحە ئیسـماعیل (خێزانـی هونەرمەنـد نـەوزاد مەجیـد) تـاد.

(١٢) فەرمانبەرانـی ڕۆشـنبیریی جەماوەر کە مەبەسـتی لـە: حەمەمیـن پێنجوێنی، سـەدرەددین هەورامـی، فوئادی حەمەمیناغـا، تەهـا عەزیـز، گێلاس عومـەر عەلـی ئەمیـن، تریفـە ڕەئـووف زوهـدی و ئەوانـی دی بـوون.